# "كۆنفرانسى ئابووريى هەرێمى كوردستان / عێراق لە مۆنیخ"

## ئەلمانیا: جەمال نەبەز

لە رۆژى دووشەممەى رێكەوتى 2009/2/16 دا، كۆنفرانسێك بەو نێوەى سەرەوە لە سالۆنى ئەكادێمیاى ژوورى پیشەسازى و بازرگانى شارى مۆنیخ و هەرێمى باڤاریا بەسترا، كە یەكێكە لە هەرێمە هەرە گەورەكانى ئەلمانیاى فیدرالى، بەنیازى رەخساندنى بوارێك بۆ خاوەن فابریكە و كارگە و هەندازیاران و پیشەسازەكانى ئەم هەرێمە و ئەلمانیا بە گشتى، تا بتوانن توانست و هەلومەرجى كاركردن و وەبەرهێنان لە هەرێمى كوردستان و، لەو رێیەشەوە لە عێراقدا، هەلبسەنگێنن.

گومان لەوەدا نییە كە كوردستان ولاتێكە لەسەر نەخشەى رامیاریى نێونەتەوەیى، شوێنێكى دیاریكراوى نییە. چۆنكە كوردستان، نە هەمووى و، نە هیچ بەشێكى ، نەبووە بە دەولەت. لەبەرئەوە، وەك ولاتێكى جیاواز دانى پێدانانرێ. ئەمەى، كە ماوەى چەند سالێكە، وەك "هەرێمى كوردستانى عێراق"، بە پێى ئەو دەستووورە پڕ لە كونو كەلەبەرەى كە پاش هەرەسهێنانى دەولەتى عێراق هاتووەتە كایە و، دوارۆژ و چارەنووسیشى رۆناك نییە، جارێ، لە ئەنجامى بێدەسەلاتیى دەولەتى عێراقەوە، لەسەر كاغەز بەو نێوەوە بانگدەكرێ، ئەگەرچى، نێونانى ئەو نێوچەیەش بە "هەرێمى كوردستانى عێراق" راست نییە، چۆنكە ئەو سەرزەوییە، تەواوى باشوورى كوردستان ناگرێتە خۆى، بەلكو تەنىَ سىَ ستان دەگرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە، بەزۆرى، لە نووسینەكانمدا بە هەرێمى سێستان نێویدەبەم.

سەركردەكانى حیزبە كوردزمانەكان، بەتایبەتى دەسەلاتدارانى پارتى و یەكێتى، خوا تەمەنیان لەوە درێژتر بكات، پاش ئەوەى نابەرپرسیارانە و جرتوفرتكەرانە، دەولەتى داڕووخاو و لەنێوچووى عێراقیان، بەدەستى كورد خۆى، دروستكردەوە و، رووپانكردە عێراقچێتییەكى ، لە عێراقچێتیى عەرەبەكان خەستتر و، كوردستانیان بەجۆرێك خستە پشتگوێى بەرژەوەندیى حیزبحزبێنەوە، كە لە سەرەتاییترین خزمەتى شارستانێتى، وەك ئاوى خواردنەوە و كارەبا و سووتەمەنى و دەرمان و سادەترین برِشتى كشتوكالى و ئاژەلى بێبەشە و، تەنانەت ئاوو ماست و توور و گێزەر و چەقالەشى لەدەرەوە بۆدێ، ناچارماون لەژێر گوشارى جەماوەرى بەشمەینەتى كوردستاندا، بەپەلەپروزكێ و بەبێ نەخشە و پیلانى زانستانە و، بە هەراجكردنى نەوتى نێوچەى ژێر دەسەلاتیان، بە دواى خاوەنكار و فابریكە و پیشەسازانى بیانیدا بگەڕێن و، بە پێدانى گەلێك سەرەتى (امتیاز) ، دەیانەوێ بیانهێننە كوردستان، بە ئامانجى وەبەرهێنان، ئەم كۆنفرانسەى مۆنیخیش، هەولدانێكى درەنگكات بوو بەرەو ئەو مەبەستە.

ئەز، وەك زانستكارێكى زانستى رامیارى (پۆلیتۆلۆگ) و كوردۆلۆگ و وتارنووسى رۆژنامە، بەشداریى ئەو كۆنفرانسەم كرد، ئەوەش بە بانگێشتى بەرپرسیارى ژوورى پیشەسازیى و بازرگانیى شارى مۆنیخ و باڤاریا، نەك بە بانگێشتى دوو حیزبە كوردزمانەكە. چۆنكە ئەو كۆنفرانسە كۆنفرانسێكى داخراو بوو، كە وەك گوترا، بە دەستپێشكەریى بەرێز بایز تالەبانى، وەزیرى داراییى هەرێم رێكخرابوو. ئەو كوردانەى لەوەدا بەشداربوون، سایان ئەندامەكانى ئەو شاندە بوون كە لە كوردستانەوە هاتبوون، یان لەوانە بوون كە لە ئەلمانیا دەژین و سەر بەو دوو حیزبەن. شاندى حكوومەت حەوت كەس و، ئەوانى دیش 50-60 كەس بوون. ژمارەى بەشداربووانى ئەلمانیش. خۆى لە دووسەت كەسێك دەدا، ئەوەى لێرەدا باسیدەكەم كورتەیەكى بێلایەنانەى ئەو سەرنجەیە كە لەو كۆنفرانسەوە وەرمگرتووە.

کۆنفرانس، دەبوو بەپێی پیلان لەکاتی هەشتو نیوی بەیانییەوە دەستپێبکات بە پشکنینی نێوی بەشداربووان و، قاوە خواردنەوە و لە 9.25 دا بکرێتەوە. بەڵام ژمارەیەکی زۆری کوردەکان، وەك رەوشتی هەمیشەییان درەنگ گەیشتنەجێ. کە لە یەکێك لە کوردە ئامادەبووەکانم پرسی، کەینێ کۆنفرانس دەستپێدەکات؟ گوتی: کوردەکان لە هۆتێل دواکەوتوون و لەنێو خۆشیاندا، لەوەپێش، دەمەقاڵێکیان بووە و، کاك عومەر فەتاحیش هێشتا نەگەیشتووە، کە گەیشت دەستپێدەکات. گوتم کەینێ دەگات؟ گوتی: "هەرکاتێك ژمارەیەك خەلکت دی، خۆیان شڵەژاندبوو و هەناسەیان لەبەر خۆیان بڕیبوو، ئەوا بزانە کاك عومەر گەیشتووە".

بەڕێوەبەری بەرنامەی کۆنفرانسەکە بەڕێز ئەلێکساندەر هوێکلە بوو کە جێگری بەڕێوەبەری کاروباری ئابووریی دەرەوەیە، هەر ئەو بوو کە پرۆفیسۆر دوکتۆر ئێریش گرایپلی سەرۆکی ژووری پیشەسازی و بازرگانیی مۆنیخ و باکووری باڤاریای پێشکێش کرد و، ئەویش بە وشەیەکی کورت بەخێرهاتنی میوانەکان و بەشدارانی کرد و، هیوای سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەی خواست. ئەوجا بەڕێز مارتین تسایل وەزیری هەرێمی فیدراڵیی باڤاریا بۆ کاروباری ژێرخانی ئابووری و ترافیك و تێکنۆلۆژیا، باسی بوارەکانی هاوکاریی نێوان هەرێمی باڤاریا و هەرێمی کوردستانی عێراقی کرد لەباری ئابوورییەوە و، خۆشبینیی خۆی لەو رووەوە دەربڕی. پاش وی، بەڕێز عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێم، بەزمانی کوردی، باسی "پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرزکردنەوەی ژیانی خەلکی هەرێمی کرد" لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە، ئەمەش لە چوارجێوەی باسێکدا لەبارەی ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە. پاش ئەویش، وەزیری دارایی هەرێم بەڕێز سەعید محەممەد تاڵەبانی باسی "پەرجۆ" (موعجیزە)ی ئابووریی کورد و شێوەی ئامادەکردنی سەرمایەی دارایی بۆ ئەو کارانەی هەرێم کرد. بە تەواوبوونی قسەکانی ئەو بەڕێزە، بۆ ماوەی چارەکێك رێدرا بە پرسیارکردن و وەرامدانەوە. لەو کاتەدا دەرفەتێك رەخسا بۆم کە داوای قسەکردن بکەم، کە رێدراپێم گوتم: راستە کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری هەیە، بەڵام ئەو ژێرخانە کاتێك دەتوانێ بکەوێتە کار کە پڕبەپڕی ئەوە، کادری تەکنیکی و پیشەسازی و بازرگانی لە کوردستان خۆیدا هەبێ. ئەو کادرانەش دەبێ هەر لە ئێستەوە پێبگەیەندرێن. لەبەر ئەوە پێشنیازێك دەکەم، کە لە دە دوانزە ساڵ لەمەوبەرەوە، چەند جارێك کردوومە، ئەمەش ئەوەیە کە ئەڵمانیا زانستگەیەکی تێکنۆلۆژی لە شاری هەڵەبجە دابمەزرێنێ، ئەو شارەی کە بەچەکی کیمیایی گەلکوژی لێکرا، بەجۆرێك کە لە پێنج خولەکەدا، پێنج هەزار کەس کوژران و دە هەزار کەسیش ماون کە زۆربەی زۆریان هەتا ئەورۆ لە ژێر کارکردی ئەو چەکانەدا دەناڵێنن. دامەزراندنی ئەو زانستگەیە لەلایەن حکوومەتی باڤاریای ئەڵمانیاوە، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و دروستکردنی دۆستایەتی لەنێوان هەردوولادا".

پاش ئەم قسانە کە هەرچەندە بەزمانێکی دوور لە هەڵچوون کردم، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو قەرزەم خستە پێشچاو، کە لەسەر ئەڵمانیایە تا بیداتەوە بە خەڵکی هەڵەبجە، سەرۆکی ژووری پیشەسازی و ئابووریی باڤاریا زوو لە مەبەستەکە گەیشت و گوتی ئەو بابەتە پێویستی بە لێدوانە لەلایەن هەردوو لاوە (واتە: کورد و ئەلمان). ئەمەش هەلێکی زێڕین بوو، ئەگەر بهاتایە و نوێنەرەکانی حکوومەتی هەرێم دەستبەجێ بکەوتنایە قسە و بیانگوتایە، "ئێمەش پشتگیریی ئەم پێشنیازە دەکەین و ئامادەین پێکەوە

باسی بکەین لەگەڵتان". بەڵام هیچ کامێکیان بەلای ئەوەدا نەچوون و، دیارە، لەبەر ئەوە بوو کە قسەکە قسەی خۆیان نەبوو، ئەوانیش دژی هەموو پێشنیازێکن کە فەرموودەی خۆیان نەبێ. ئەمە لە کاتێکدا، کە دامەزراندنی زانستگەیەکی تێکنۆلۆژیی ئەلمانی، دەبێتە بنکەیەکی گرنگ بۆ پێوەندیی کورد بە زانست و تەکنیکی مۆدێرنی ئەورووپاوە. شایانی باسە، لەکاتی پشووی دوای ئەو قسانەدا، کە بەرێز عومەر فەتاح بۆ چوونە دەرەوە لە ساڵۆن بەلای مندا تێپەڕی، کە لە دوای دواوە و نێزیك دەرگەوە دانیشتبووم و، سلاوی کرد و پاش چاك و چۆنی گوتی قسەکانمی بەدڵ بووە، گوتم ئەی بۆ پشتگیریی ناکەن و لەسەری نارۆن؟ ئیدی هیچ قسەی نەکرد.

پاش پشوویەکی کورت، بەڕێز نازەنین وسوو، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی شار و هەرێم، باسی بواری کارکردنی بۆ کاروەرگرەکانی ئەلمان کرد. دوای ئەوەش، ژمارەیەك لە کاروەرگرەکانی ئەلمان باسی ئەزموونی خۆیان لە کوردستاندا کرد و، لەباری بواری بازرگانی و سەروەریی قانوونیشەوە لێیدوان. پاش ئەوە، لەلایەن خاوەن فابریکەکان و کاروەرگرەکانەوە گەلێك پرسیار کرا، کە بەشی زۆریان گومان دەربڕین بوو لەوەی ئایە دەتوانرێ بێ پرسی بەغدا کار لە کوردستاندا بگیریتە دەست، لە کاتێکدا کە کوردستان هەرێمێکی عێراقە، نەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها باسی گەرەنتی دەکرا بۆ کاروەرگران و، بوونی سیستەمێکی بانکی پشتپێبەستراو لە کوردستاندا، خرایە بەرپرسیار.

لە پشووی نانخواردنی نیوەڕۆ دا کە ماوەی دەژمێرێك پتر درێژەیکێشا و ئەز لەو نێوەڕۆخوانەدا بەشداریم نەکرد لەگەڵیان و، لە ساڵۆنەکەدا مامەوە، ژمارەیەك لە خاوەنکارەکان و هەندازیارەکان هاتنە لامەوە و گەلێك پرسیاریانکرد لێم لەبارەی کوردستان و عێراقەوە و ئەززی بەشێوەیەکی راست و دروست و بابەتانە وەرامم دانەوە و، گوتم کوردستان وڵاتی سێ جۆرە وزەیە ، نەوت و ئاو و هەتاو، ئەوانیش زۆر سوپاسبژێر بوون. پێشمگوتن کە ئێوە داوای گەرەنتی دەکەن مافی خۆتانە، بەڵام دەبێ ئێوەش گەرەنتی بدەن بە کورد.

پاشنیوەڕۆ، دوو وتار خوێندرانەوە، یەکێکیان لەلایەن بەڕێز هێرش موحەڕەم محەممەد ئەمین، وەزیری سەرمایەخستنەکار لە هەرێم، کە لەوەدا باسی بواری سەرمایە خستنەکاری لە هەرێمدا لەلایەن بیانیانەوە، بە بەڵگەی ژمارەکاری (ستاتیستیك) هێنایە بەرباس.

وتارەکەی دیش، لەلایەن بەرێز دارا جەلیل خەلیلەوە بوو، کە وەك سەرکردەی ژووری بازرگانیی کورد، نێوی لە لیستەی بەرنامەکەدا هاتبوو. وتارەکەی لەبارەی ئەوەوە بوو کە کوردستان دەرگەیەکە بۆ چوونە نێو عێراق و، زاتی دەنایە بەر خاوەنکارەکان و کاروەرگرەکان کە بچنە نێو بازاڕەکانی کوردستانەوە کە وڵاتێکی ئارامە و، لەوێشەوە بواریان دەستدەکەوێ بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ عێراق، کە هێشتا تەواو ئارام نییە و، دەیگوت حکوومەتی هەرێم ئامادەی هەموو جۆرە یارمەتییەکە، کە ئەم قسەیەش لەلایەن هەموو بەرپرسیارە کوردەکانی کۆنفرانسەوە چەند جار جەختدەکرایەوە.

پاش چەند پرسیارێك لەلایەنی ئامادەبووانەوە، لە دەوروبەری کاتی 15 دا ، وتارەکان کۆتاییان هات، ئەوجا خاوەنکارەکان و کاروەرگرەکان، هەتا دەوروبەری کاتی 18، کەوتنە وتووێژ، بەڵام وتووێژەکان بە ئەلمانی و ئینگلیزی بوون، بە پێچەوانەی وتارەکانی بەرپرسیارە کوردەکانەوە کە هەمووی بە کوردی بوو، دەکرا بە ئەلمانی و، قسەی ئەلمانەکانیش دەکرا بە کوردی، جا لەبەر ئەوەی قسەکەرەکان، هەموویان زۆر بەخێرایی

دەدوان، وەرگێڕەکەش کە دەسەڵاتی بەسەر کوردییەکدا باش نە دەشکا و زۆرینیی کارەکەش ماندووی کردبوو، نەیاندەتوانی گشت وتەکان بەتەواوی وەربگێڕێ.

بەکورتی ، بەستنی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە کارێکی باش و بەجێن، بەلاّم بە کوتوپڕی نابێ، بەڵکو پێویستیان بە کاتە بۆ خۆ ئامادەکردنێکی تەواو، و دەبێ لەوە پێش ماوەیەکی درێژ بەرنامەڕێژی بکرێ بۆیان. ئەوەش بدرێتە دەست کەسانێك کە شارەزای قانوونەکان و رەوشی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا و ئەورووپان و، بۆ کۆنفرانسێکی وا، تاکە رۆژێك کەمە.

شتێکی دیکەش کە سەرنجڕاکێش بوو، ئەوەیە کە لەو سەت کەسەی کە لە هەرێمەوە داوای ڤیزەیان کردبوو بۆ چوونە ئەڵمانیا، تەنێ پەنجا کەسێکیان ڤیزەیان پێدابوون و ئەوەش بۆ ماوەی پێنج رۆژ و بەس، کە لە کاتی کۆنفرانسەکەدا داوای درێژکردنەوەیان دەکرد. سەیرەکەش لەوەدایە کە ئەم هەڵوێستەی سەفارەتخانەی ئەلمانیا لە عێراق، هاوکاتە لەگەل دامەزراندنی کۆنسلخانەی ئەلمانیا لە هەولێر لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا فرانس ڤالتەر شتاین مایەرەوە کە سەر بەحیزبی سۆسیال دێموکراتە و وەزیری دەروەی عێراقیش زێباری یەکی خزمی کاك مەسعود بارزانییە. ئەوجا نازانم، ئەمە لە نەشارەزایی کاربەدەستانی سەفارەتی ئەلمانیاوە لە بەغدا بووە (وەك کاربەدەستێکی یەکێتی گوتی)، یان بەکەمگرتنی نرخی کاربەدەستانی هەرێم؟

شایانی باسە، هێندێك لەوانەی لە نێو شاندی حکومەتییە حەوت کەسەکەدا نەبوون وهاتبوون، گلەییان لە گرانی نرخی هاتنیان دەکرد و، دەیانگوت پارەیەکی زۆر سەندراوە لێیان، کە چی نرخی ڤیزە (27) یورۆ و نرخی بێوە (تأمین) بۆ ماوەی مانگێك (48) یورۆ و، کرێیی سێ شەوی هۆتیل کە لێی بوون، شەوی (65) یورۆیە.

لە کۆتاییدا، ئەمەش ماوە کە بلێم، شاندەکە، بەڕێز ئەورەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکووك و چەند کەرکوکییەکی دیکەی تێدابوو، بەلاّم وەك منداڵی باوەژن هەڵسوکەوتکرا لەگەڵیان و، ماوەی خۆدەربڕینیان پێنەدرا.

هەرچی چۆنێك بێ، لەم کۆنفرانسە، "داخۆیانییەکی لەیەکگەیشتن" لە بارەی ئابوورییەوە، لە نێوان حکوومەتی هەرێمی باڤاریا وهەرێمی کوردستان/عێراق بەسترا وواژۆکرا، کە ئەمەش ئەنجامێکی ئەرێنی دەبێ، ئەگەر بە باشی بەکاربهێنرێ.

بەرلەوەی بگەڕێمەوە بەرلین، چوومە چێشتخانەی "دەریا" لە شەقامی شیلەر، نێزیکی وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەر کە خاوەنەکانی و کارکەرەکانی مرۆڤی رووخۆش و بەڕێزن، لەوێ خواردنێکی کوردەواریانەم خوارد و ئەوجا کەوتمە رێ. دەمژمێر، یەکو نیوی پاش نیوەشەو بوو کە گەیشتمە ماڵەوە لە بەرلین.

بەرلین 2009/2/20

www.jemalnebez.com